# لێبوردنی جاشان لەنیوان بەرژەوەندی پارت و گەل دا

**شاخەوان شۆڕش**
2006.09.05

لەدوای ڕووخانی بلۆکی سور، گۆڕانکاری لە سیستەمی ڕامیاری جیهانی ڕوویدا، ئەو گۆڕانە کاریگەری لەسەر ناوچە جیاجیاکانی جیهان هەر یەک بەشیوەیێ نواند. ئەو گۆڕانە لەگەڵ داگیرکردنی کویت لەلایەن ئێراق هەروەها لەگەڵ کاردانەوەی نێونەتەوەیی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا سەبارەت بە داگیرکردنەکە باشتر لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆی نواند. ئەنجامی کاردانەوە و لێدانی سوپای ئێراق لەلایەن هێزەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیەوە، بووەهۆی تێکشکانی سوپای ئێراق و نابووتکردنی ڕژێمی ئێراق، ئەوە وایکرد گەلانی ناو سنوری داسەپێندراوی ئێراق ترسیان بشکێ و لە ڕژێم ڕاپەڕن، شیعە لە خوارووی ئێراق و کورد لە کوردستانی ژێردەست. لە باشوری داگیرکراوی کوردستاندا خەڵکی کوردستان ڕاپەڕی و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان ئازادکرد. پارتەکانی کوردستان کە ئەوسا لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا بوون، ئەوانەی خەڵکیان هەبوو، بە هێزی کەم کەم بەشداریان لە ڕاپەڕینی هەندێ شار و شارۆچکە کرد. ڕاگەیاندنی ئەو پارتانە (بەتایبەتی ئەوەی یەکێتی) ڕۆڵی گرنگ و باشیان لە ڕاپەڕینەکەدا بینی. بەشداری پێشمەرگە لە هەندێ شوێندا دیار و کاریگەر بوو و لە هەندێ شوێندا زیاتر سیمبۆلی بوو یا نەبوو. ڕاپەڕینەکە، ڕاپەڕینی گەل بوو، هێزی پێشمەرگە (بەو هێزە کەمەی ئەوسا هەیبوو) و ڕاگەیاندنی پارتەکان پاڵپشتی ڕاپەڕینەکەیان کرد. هەنگاوێکی دیکە کە بەرەی کوردستانی لەو ساتەدا نای نامە ناردن بۆ جاشەکان و هاندانیان بۆ بەشداری لەڕاپەڕینی خەڵک بوو. دیارە هەر لەوێ لێبوردنیان بۆ جاشەکان دەرکردبوو.
سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی گەل تەمەنی هێندە درێژ نەبوو، دوای ئەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی پشتیان لە خەڵکی ڕاپەڕیو کرد و ڕێگایان بە ڕژێمی بەعس دا کۆپتەر لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین بەکار بهێنێت، هێزەکانی ڕژێمی ئێراق بە خەستی هێرشیان بۆ کوردستان هێنا. پارتەکانی کوردستان کە دوای ڕاپەڕین خەریکی کۆکردنەوەی چەکدار و بارەگاکردنەوە و جلەوگرتنەدەست بوون، نەیانتوانی پارێزگاری ناوچە ڕزگارکراوەکان بە تایبەتی شارە گەورەکان بکەن. لە شارە گەورەکان، سەرکردایەتی پارتەکان ئەوانەی دەیانوێرا بێنە شارە گەورەکان، ڕۆژی یا شەوی پێشتر بۆی دەرچوون، هێزەکانیان پلانی بەرەنگاریان پێ نەبوو. پارتەکانی کوردستان لەگەلێ شوێن یەکەم کەس بوون شارەکانیان بەجێهێشت. ئەوە بوو گەلڕەوەکەی 91 وەکو تراژیدیای نەتەوەیەکی لەمێژینەی لەبیرکراوی ژێرپێخراو بەگەورەیی هەموو دەسەڵاتدارانی جیهانی شەرمەزار کرد.
هەر ئەوەش بوو وایکرد بڕیاری 688 ی UN بدرێت و پاشان زۆنی نەفڕینی 36 دابمەزرێت. ئەگەر ئەو دەستیوەردانە نێونەتەوەییە نەبووایە، ئەو ئازادیەی پاشان لە باشوری کوردستان دروست بوو، بەئەگەری زۆر نەدەبوو و نەدەهاتە دی.

لێبوردنی جاشەکان، لە ساتوچرکەی ڕاپەڕینی خەڵکدا، دەکرێ چەند لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت، دەکرێ بە هەنگاوێکی گونجاو و یارمەتیدەری سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە سەیر بکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی جاشەکان لەگەڵێ شوێندا بە چەک و هێزی خۆیان دایانە پاڵ ڕاپەڕینی خەڵک و دژی ڕژێم وەستان. بەڵام ئەو لێبوردنە نەیتوانی هەموو جاشەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، هەندێک لە جاشە ناسراوەکان شەڕیان دژی خەڵکی ڕاپەڕیوو کرد و زیانی زۆریان لە خەڵک دا. لەلایەکی تر بڕیاری لێبوردنی جاشەکان دەکرێ بە هەنگاوێکی خراپ سەیر بکرێت، چونکە لەکاتی ڕاپەڕینی سەرتاسەری گەلدا، چاوەڕوان دەکرا زۆرینەی هێزی جاشەکان تووشی پەرتوبڵاوی ببن، بدەنە پاڵ خەڵکی ڕاپەڕیوو یا چەکەکانیان وەکو هێزەکانی پۆلیس فڕێ بدەن و ڕاکەن. سەرۆک جاشەکان و بەرپرسە جاشەکان و خزموکەسیان لێدەرچێ، زۆربەی جاشە ئاساییەکان لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی کەوتبوونە ئەو چوارچێوە خۆفرۆشییەوە. بۆیە چاوەڕوان دەکرا ئەوانە دژی ڕاپەڕینی سەرتاسەری گەل نەوەستن. هەروەها بڕیاری لێبوردن دەکرێ بە هەنگاوێکی خراپ و دژی بەرژەوەندی گەل دابندرێت، ئەگەر بزانین، لێبوردنەکە بێبەری نەبوو لە مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ پارتی سەرەکی. بەبەڵگەی ئەوەی ئەو پارتە سەرەکیانە بە تایبەتی پ.د.ک بە پلە یەک، ی.ن.ک بە پلە دوو، ح.س.ک بە پلە سێ لە

پڕۆگرامیاندا بوو زۆرترین ژمارەی خێلەجاشەکان، سەرۆک جاشە خاوەن خەڵکەکان و ئەوانی تر وەربگرن. دیارە هەر واشیان کرد و خۆیان پێ بەهێز کردن. ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو پارتانە وەکو هەمیشە لەژێر کاریگەری بیرێکی تەسکی پارتایەتی و پاوانکاریدا بوون. ئەوانە بەتایبەتی دوو پارتە کلاسیکیەکە ئامانجیان کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک بوو، ئەوەش بۆ ئەوەی ببنە هێزی سەرەکی و بتوانن پاوانی ناوچە و دەسەڵات لەدواییدا بکەن.

دیارە لێبووردنی جاشەکان لەلایەن سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی (کە پیکهاتبوو لە 8 پارتی ڕامیاری) بوو. پێویستە بگوترێت پارتی ڕامیاری هەڵبژێردراوی خەڵک نین، بەڵکو دەستکردی کەسانێکی هوشیاری یا خاوەن پلانی ناو کۆمەڵگەن. کە ئەو پارتانە لەبارودۆخی گونجاودا دەسەڵات دەگرنە دەست، هەرچەندی شۆڕش و خەباتیان کردبێت، ئەوانە بەر لە هەڵبژاردن بە هەڵبژێردراوی خەڵک نازاندرێن. دەکرێ وەکو نوێنەری ناکایی گەل بناسرێن، لە ئەگەری نەبوونی کەش و بواری هەڵبژاردندا. بەڵام بڕیاری ئەو پارتانە تا دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هەلبژێردراو، بڕیاری گەل نییە. بڕیاری ئەو پارتانە دەکرێ لە سات و سەردەمی کورتماوەدا لەلایەن خەڵک پەسند بکرێن، بەڵام لە دوای گۆڕانی دۆخی دەسەڵات و دەربازبوون لە باری ناکایی، ئیتر ئەو بڕیارانە یا دەکرێ بەتەواوی ڕەتبکرێنەوە یا دەبێ پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و بە جۆرێک بن کە خەڵک دیموکراسیانە پشتگیریان بکەن.
لیبوردنی جاشەکان، لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە، بڕیاری گەل نییە، بۆیە گەل دەتوانێ یا مافی خۆیەتی بەڕەوای نەزانێت. دیارە بەرەی کوردستانی نەما و هەڵوەشایەوە، بۆیە گومان لەوەدایە بڕیارەکانی ئەو بەرەیە واتایەکی مابێت.

بۆ خەڵکی کوردستان دەکرێ جاش و جاشایەتی بە یەکێ لە بابەتە هەستیارەکان دابندریت، چونکە جاشەکان هەر زیانیان بە پێشمەرگە یا پارتە ڕامیاریەکانی کوردستان نەگەیاندووە، بەڵکو زیانیان بە هەموو گەل بەجۆری جیاواز و لە بواری جیاوازدا گەیاندووە. ئەوانە لە چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستاندا داردەستی دوژمنی داگیرکەر بوون. ئەوانە کورد بوون کەچی ناپاکیان لە گەلی خۆیان کردبوو و خەڵکیان ئازار دەدا، ڕاودەنا، دەگرت، دەکوشت و سوکایەتیان پێ دەکردن. دواجار ئەوانە بەشداری کاریگەریان لە گەلکوژی ئەنفالدا کرد. بۆیە ئاساییە توڕەیی خەڵک لە ئاست ئەوانەدا بێسنور بێت. بەشدارانی گەلکوژی ئەنفال کە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد بوو، ناکرێ بە بڕیاری چەند پارتێک یا پەرلەمان بەبی گەڕانەوە بۆ خەڵک لیبوردنیان بۆ دەربکرێت. لە ڕاستیدا لێبوردن بۆ ئەو تاوانبارانەی بە بەڵگە کاریگەرانە بەشداریان لە پرۆسەی گینۆسایدکارانەی ئەنفال کرد، هەر ناکری. ئەو کوردانەی بەشداریان لەو گەلکوژیەدا کرد، ناکری لێبوردنیان بۆ دەربکرێت. تەنها دادگایەکی ڕەوا دەتوانێ تەنها ئەو کەسانە ئازاد بکات و سزا نەدات، ئەگەر سەلمێندرا ئەو کەسە لە تاوانەکەدا بەشدار نەبووە.

سەبارەت بە پەرلەمان، چەندە ڕەاویە پەرلەمان بڕیارێکی ئەوها پشتگیری بکات؟ ئەوە یەکەم پەیوەندی بە هەستیاری و چارەنوسسازی بڕیارەکەوە بەرامبەر بە خەلک هەیە، دووەم ئەو پەرلەمانە دەبێ سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات و بەڕاستی پەرلەمان بێت، نەک داردەستی سەرۆک و پارتی دەسەڵاتدار. هەندێ پرس هەن پەیوەندی هەستیاریان لەگەڵ گەل و خەباتی ڕزگاریخوازی گەل دا هەیە، بۆیە گومان لەوەدایە پەرلەمان بتوانێ کێشەیەکی ئەوها یەکلابکاتەوە و ڕەوایەتی بداتە بڕیاری خۆی. ئەوەش ئەوکاتە باشتر دەردەکەوێت، کە پەرلەمان بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵک بڕیاری خۆی بسەپێنێ، لەبەرامبەردا خەڵک کاردانەوەیان بە شێوەی جیاواز دژی ئەو بڕیارە دەبێت. بزوتنەوەی ڕیفەراندەم نمونەیەکی کاردانەوەی خەڵکە سەبارەت بە بڕیارێکی سەپێندراوی پەرلەمان و پارتە ڕامیاریەکان بەسەر خەڵکدا.
دیارە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەبێ گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ گەل، بیەوێ پشتگیری بڕیاری پارتە دەسەڵاتدارەکان لەوبارەیەوە بکات، ئەوە گومان لە ڕەوایەتی ئەو بڕیارە هەیە. بەئەگەری زۆر پەرلەمانی کوردستان ئەوە دەکات کە پارتی و یەکیتی داوای لێدەکەن، چونکە پەرلەمانی کوردستان بێدەسەڵاتە و سەربەخۆ نییە، بەمجۆرە ئەگەر پارتی دەسەڵاتدار داوای پشتگیری بڕیاری لێبوردنەکە لە پەرلەمان بکەن، واپێدەچی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بە تیکڕای دەنگ نەبێت ئەوە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان پەسندی ئەوە دەکەن. بێدەسەڵاتی پەرلەمان گومان بۆ بوونی ڕەوایەتی سەبارەت بە بڕیارێکی ئەوها زۆر زیاتر دەکات.

پێویستە بگوترێت ئەگەر کوردستان خاوەنی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی یەکگرتوو بایە، بەئەگەری زۆر لێبوردنی جاشان یا هەر نەدەدرا یا گەر بشدارابا، ئەوا پاشان یەکلاکردنەوەی ئەو بڕیارە دەدرایە دەستی گەل. ئاشکرایە

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستان نزیکەی نیوسەدەیە تووشی گێژاوی دووبەرەکی، خێڵەکیزم، پارچەیی، پاوانکاری و ناکۆکی ناوخۆ بووە، ئەوەش تا ئەمڕۆ کاریگەری زۆر خراپی کردۆتە سەر ڕەوت و ئاراستەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی باشوری کوردستان. پرسی لێبوردنی جاشەکان و ئەو ئەنجامەی ئێستا دەیبینین، یەکێکە لە دەیان بەرهەمی ناگونجاوی دووبەرەکی ڕابردوو و ئێستا.

سەرهەڵدانی کەمپینی بەدادگاییکردنی جاشەکان، یا داوای دادگاییکردنی هەموو جاشە تاوانبارەکان لەلایەن ڕێکخراوی ناوەندی چاک کە زووتر هەبوو، هەروەها پشتگیری ئەو داواکاریە لەلایەن خەڵک، ئاماژە بە ناتەواوی هەڵوێست و بریاری دەسەڵاتدارانی کوردستان لەمەڕ ئەو بابەتە دەکات، ئاماژە بە ناتەباییەکی دیار لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتداراندا دەکات.
واپێدەچی دادگاییکردنی سەدام و تاوانبارانی دیکە لەسەر کارەساتی ئەنفال کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی ئەو کەمپینە تایبەتەدا هەبووە. شایانی گوتنە ڕێکخراوی چاک کە بەمەبەستی دادگاییکردنی تاوانبارنی پاکتاو و گینۆسایدی گەلی کورد، زۆر زووتر دروست بووە، هەر لەسەرەتاوە دادگاییکردنی بەبێ جیاوازیی جاشەکان یەکێ لە ئامانجەکانی بووە. ئەوەش ناتەبابووە لەگەڵ هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی هەر لەسەرەتاوە.

دەسەڵاتی کوردی و هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، کە ئەوانن ئەوڕۆ هێزیان هەیە و دەسەڵاتیان هەیە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر وەرگرتنی ئەو جاشانە پێشبڕکێیان بوو، هەموو ئەو جاشانەیان لەخۆگرت، هەندێ لە تاوانبارە ناوزڕاوەکانیان داڵدەدا و هەرزوو دەربازیان کردن (بۆنمونە مەلا عوزێر، قاسم ئاغا، شێخ جەعفەر هتد)، ئەوانەی دی پلە و پایە و شوێنی گرنگیان داونەتێ، هەندێ لە سەرۆک خێڵە کۆنە جاشەکان کاریگەریان زۆرە و لەگەڵ سەرۆکی پارت موو بە نێوانیانەوە ناچێت. ئەوانە چۆن لەسەردەمی ڕژێمی داگیرکەری ئێراقدا قەڵەودەکران و لێیان دەخوارد، ئێستاش بە یارمەتی دەسەڵاتی کوردی بە هەمان شێوەی کۆن لە سامانی گەل دەخۆن، سامانی گەل دەڕوتێننەوە و دەسەڵاتیان بە گەلێ جۆر هەیە. ئەوانە ئەوڕۆ بەشێکی تێکەڵبوون لە سترەکتوری پارتی دەسەڵاتدار، چ وەکو هێزی بەشداری فیزیکی، چ وەکو بەشێک لە سیستەم و بڕیارەکان.
پارتە دەسەڵاتدارەکان وەکو پێشوو لە ژێرکاریگەری پاوانکاری و هێزکۆکردنەوەدان، هێشتان لەیەکتر بە گومانن و بێبڕوایی لە نێوانیاندا هەیە، ئێستاش خەڵک لەناو ئەمیان یا ئەویان دەچێ بۆ ئەوبەر و داڵدەدەدرێت و پشتگیری دەکرێت، بەکورتی ئێستاش ڕەوتێکی میلیتسئامێز بەسەر ئەو پارتە دەسەڵاتدارانەدا زاڵە. بۆیە ئەو پارتانە، وەکو پێشوو دژی بریارێک یا هەنگاوێک دەوەستن کە ئەو خەڵکە بڕەنجێنێ و بڕەتێنێ، لەلایەک لەبەر مەترسی لاوازبوونی خۆیان لە هەندێ ناوچەدا، لەلایەکی دیکە بەهێزبوونی لایەنێکی بەرامبەری ناحەز بەهۆی بوونی ئەو خەڵکەوە.
ئەگەر هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بیانەوێ بڕیاری لێبوردنەکە دەستکاری بکەن، ڕەنگە بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەو بابەتە هەبێ و نەتوانن بگەنە بڕیارێکی یەکگرتوو، بۆیە واپێدەچێ بە هیچ جۆرێک ئارەزووی دەستکاری بڕیاری لێبوردنەکە ناکەن.
واپێدەچێ دەسەڵاتی کوردی هەوڵی خۆی بۆ پاراستنی ئەو خەڵکە دەدات و هەوڵیش بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی بڕیاری لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی دەدات. بەکورتی ڕەتاندنی ئەو سەرۆک جاشانە یا فایلدار و تاوانبارانی دیکە لە بەرژەوەندی پارتە دەسەڵاتدارەکاندا نییە.
دیارە ئەگەر دەسەڵاتێکی لە دەسەڵاتی کوردی گەورەتر (دادگای باڵای ئێراق) بریاری گرتن و دادگاییکردنی هەندێک لەو جاشانە دەربکات، واپێدەچی بۆ دەسەڵاتی کوردی ئاسان نەبێت دژی بڕیارێکی ئەوها بوەستن، چونکە ئەگەر وابکەن دەکرێ زیانی زۆر بە بەرژەوەندیەکانیان بکەوێت. جگەلەوەی بڕیارێکی دادگای تایبەتی ئێراق ڕەنگە بەشێکی کەمی ئەو جاشانە بگرێتەوە، بەمجۆرە هێندە زیان بەبەرژەوەندیەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ناکەوێت.

دیارە سەرۆک و پەرپرسان لە گەلێ بۆنەدا هەوڵیان داوە پاکانە بکەن یا ڕەوایەتی بدەنە بڕیاری لێبووردنەکە، بۆنمونە لە کۆبوونەوەیەکدا سەبارەت بە لێبوردنی جاشەکان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گوتی، "خۆ ئێمە دووسەد هەزار کەس ئیعدام ناکەین". دیارە ئەو گۆتنە جگە لەوەی پاکانە کردنە، دەکرێ وەکو شێواندن و گەورەپێشاندانی پرسەکە سەیر بکرێت، دەکرێ وەکو هەوڵێک بۆ شاردنەوەی مەبەستی بنچینەیی ڕاگرتنی ئەو جاش و تاوانبارانە سەیر بکرێت. وابزانم کەس ناڵێ دەبێ دووسەد هەزار کەس هەڵواسرێن، خەڵک تەنها بەدوای سەرۆک جاشەکان و خەڵکە تاونبارە دیارەکانە کە ڕەنگە ژمارەیان سەد کەس یا چەند سەد کەسێک زیاتر نەبن.

ئێستا کە هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار هاواریان لێ بەرز بۆتەوە، گوایە حکومەتی ئێراق لەژێر ناوی کیانات مونحەلە، هەوڵی ناونوسکردنی کۆنە جاشەکان دەداتەوە. لەو بارەدا پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەڵێن، "ئەگەر ئەوان ناویان لەوێ بنووسن، ئەوە لێبوردنەکە نامێنێ و وەکو تاوانبار سەیر دەکرێن و دەدرێنە دادگا". بەکورتی ئەگەر ئەوانە لە ڕیزەکانی پارتی دەسەڵاتداردا بمێننەوە، ئەوە پیاوی باشن، ئەگەر نا ئەوە تاوانبارن. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە پشتڕاستی بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی پارت بەسەر گەلدا دەکاتەوە، لەلایەکی دیکە هێما بۆ هەڵەی بڕیاری لێبووردنەکە لەسەرەتادا دەکات.

بەبڕوای زۆر، لەلای زۆرینەی ڕەهای خەڵک، ئەو سەرۆک جاشانە یا خەڵکی دیکە کە بەشێوەی دیکە خۆفرۆشیان کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا بەشدار بووین، لە هەر کوێ بن تاوانبارن، ئەوجا لە ناو دەسەڵات بن، لای سەرۆک بن یا لای دەسەڵاتی بەغدا بن.